**وەزارەتی خویندنی باڵا و تویژینەوەی زانستی**

**ژمارە : ١٧٩٠٩ لە ٢٠١٥/٩/٣**

**پاڵپشت بە حوکمی مادده (٣٠ )دووەم لە یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٣) بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم رێنماییانەی خوارەوە سەبارەتی بە دامەزراندنی پەیمانگەی تایبەت:**

## رێنمایی ژمارە ( ٥ )ی ساڵی ٢٠١٥
## پەیمانگە تایبەتەکان

**یەکەم:**

**١- دەکرێت پەیمانگەی تایبەت لە هەرێم بکرێنەوە کە ئەمانەی خوارەوەیان هەبێت**

**أ- دەستەی دامەزرێنەر**

**ب- دەستەی ئەمینداران**

**پ- ئەنجومەنی پەیمانگە**

**ت- راگری پەیمانگە**

**ح- ئەنجومەنی بەش یان لق لە پەیمانگە**

**خ- دەستەی وانە گوتنەوە**

**ج- باڵەخانەی گونجاو و دەستەبەری دارایی و پێداویستییەکانی پرۆسەی خوێندن**

**٢- ئەمانەی سەرەوە دابیندەکرێن بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ بارودۆخی پەیمانگەکەو بە پێی مەرجەکانی دڵنیایی جۆری و رێککار ( الضوابط)ی زانستی و کارگێڕیّ و دارایی و لە ژێر دەسەڵاتی (ملکەچی) هەڵسەنگاندنی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی دەبێت بەرەچاوکردنی ئەوەی پێشەنگی بۆ پەیمانگە پیشەیی و تەکنیکییەکان دەبێت و بەپێی پێویستی هەرێمی کوردستان – عێراق .**

**دووەم:**

**١- تەنها وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی لەهەرێم مافی بەخشینی مۆڵەتی هەیە بە پەیمانگە .**

**٢- ئەم مۆڵەتە ساڵانە نوێ دەکرێتەوە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.**

**٣- لەکاتی پێشکەش کردنی پرۆپۆزەل بەمەبەستی کردنەوەی پەیمانگە دەبێت میرانەیەکی (رسم) ی گونجاو بەبری گونجاو (١٢) دوانزە ملێۆن دینار بدرێتە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی وە ئەگەر رەزامەندی بدرێت یاخود نەدرێت لەسەر پرۆپۆزەلەکە ئەم برە پارەیە ناگەرێندرێتەوە دەخرێتە سەر سندوقی وەزارەت بە پێی ماددەی /شەشەم/ یەکەم -٢لەیاسای وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی**

**٤- ئەگەر پرۆپۆزەلی کردنەوەی هەر پەیمانگەیەك پەسندکرا لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ئەوا دەبێت بری (٥٠) پەنجا ملێۆن دینار بدرێتە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و دەخریتە سەر سندوقی وەزارەت بەپێی ماددەی / شەشەم /یەکەم – ٢ لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی ژمارە(١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨ )**

**٥- وەزارەت مافی وەرگرتنەوەی مۆڵەتی لە پەیمانگە هەیە ئەگەر پابەندی مەرج ورێککار( الضوابط ) ی بڕیار لەسەر دراوەکان نەبێت .**

**سێیەم:**

**دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری لە وەزارەت ئەرکی هەڵسەنگاندنی ئەدای پەیمانگە تایبەتەکان دەگرێتە ئەستۆی خۆی بەپێی یاساو رێسا و رێنماییە پەیرەوەکراوەکان.**

**چوارەم:**

**١- کاروباری دارایی پەیمانگە ملکەچی رێککارییەکانی یاسای ژمارە(٢)ی ساڵی (٢٠١٣) تایبەت بە زانکۆ تایبەتەکان دەبن و ژمێرکارییەکانیشیان وردبینی دارایی دەکرێن بە پێی یاسا پەیرەوەکان .**

**٢- پەیمانگە تایبەتەکان پابەند دەبن بە دانی میرانە – الرسوم بە بری(٣%) داهاتی گشتی بە سندوقی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بەپێی حوکمی ماددەی /شەشەم /یەکەم-٢ لەیاسای وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨) .**

**پێنجەم:**

**پەیمانگە تایبەتەکان پابەند دەبن لە ئاست وەزارەت بەخستنە بەردەستی گشت ئەو پێداویستیانەی یارمەتیدەری وەزارەتن بۆجێبەجێکردنی ئەرکەکانی بە تایبەتیش ئەمانەی خوارەوە.**

**١- پلانی وەرگرتنی ساڵانە بۆ پشت ڕاستکردنەوەی.**

**٢- کرێی ساڵانەی خوێندن کە لە قوتابیان و خوێندکاران وەردەگیرێت.**

**٣- پرۆگرامەکانی خوێندن و گۆڕانکارییەکانی و بەدواداچوون و جێبەجێکردنیان و هەڵسەنگاندنیان.**

**٤- رێژە و پێوەرەکانی دەرچوون و دەرنەچوون کە هاوپێچی سیستمی تاقیکردنەوەکان دەبێت.**

**شەشەم:**

**ئەو بڕوانامانەی پەیمانگە دەیانبەخشێت هاوتای ئەو بڕوانامانەن کە هاوشێوەیان لە پەیمانگە حکومییەکان دەیانبەخشن بە مەرجێك لەلایەن وەزارەتەوە پشت راستبکرێنەوە.**

**حەوتەم:**

**وەزارەت هەڵدەستێت بە وەرگرتنی ئەو سکاڵایانەی دژ بە پەیمانگە تایبەتەکان پێشکەش دەکرێن کە پەیوەندییان بە وەرگرتن و تاقیکردنەوەکان و سزا رێککارییەکان کە بەسەر قوتابیان/ خوێندکاران دەسەپێندرێن یان سرینەوەیان لە تۆمار یان رەخنە گرتن لە بەخشینی نازناو و بڕوانامەی زانستی**

**هەشتەم:**

**حوکمەکانی یاسای ژمارە (٢) ی ساڵی (٢٠١٣) ی تایبەت بە زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێم و یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠) ی ساڵی (٢٠٠٨) جێبەجێ دەکرێن سەبارەت بەهەر دۆخێك کە لەم رێنماییانەی بڕگەی تایبەتی نەبێت.**

**نۆیەم/ ئەم رێنماییانەی لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٥- ٢٠١٦) پەیرەودەکرێن بڵاوکردنەوەیان لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) وەتا هەموارکردنی یاسای (٢)ی ساڵی ٢٠١٣ تایبەت بە زانکۆ تایبەتەکان لەهەرێم**

**د.یوسف گۆران**

**وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**